

تۆ هەرچیت ووت بوو بە درۆ ...هۆنراوەی شالاو

پە یمانت دا سێبەرم بیت ...
لەو ڕۆژانەی
بەبێ کە پرو دارستانم
کاتێ هەتاو دەمسوتێنی
ببیت بە تریفەی مانگە شەو
ئەو دەمانەی خۆرگیرانەو لێلە ئـــاسۆ
بڕیارت دا لـەگەڵمابیت
تا ئەو ڕۆژەی
لـە باوەشی یەکتریدا
دەتوێینەوە ...
یان ئەو کاتەی
لە یەکترمان دادەبڕێ مەرگ و گڵکـــــۆ ...
تۆ سوێندت خـوارد هەتا سەر بێ
خۆشەویستی و وەفاداری
چەند جـــار دەتگووت
پێکرا جوانە
عیشق و ڕاستگـــــــۆ
بە فرمێسکی چاوەکانت
بۆت دەنووسیم ...
چارەنووسم
یان بۆ ساردی مەرگ و مردن
یان بۆ گەرمی باوەشی تـــۆ
نەمدەزانی ڕۆژێك دادێت

**هەرچی سوێندو پەیمان هەیە**

**هەڵئە وەرێ لەژێری پێت**

**بەڵێ ئیتر**

**ئەوەی هەمە**

**پەیامێکی پڕ لە ساردی هەناسەمە**

**تەنها بۆ تـــۆ**

**چی وەڵامی ئەم دڵەی خۆم بدەمەوە**

**دونیا وا هەمووی دەیزانێ**

**تۆ هەرچیت ووت بوو بە درۆ**

........

www.shallaw.info.se